# راگەیاندنی یەکێتی کۆمۆنیستەکان لەعێراق
# سەبارەت بەڕەشنوسی دەستوری هەمیشەیی عێراق

لەکۆمەڵەی نیشتمانی عێراق‌و ئەو لیژنەیەی کەئەرکی داڕشتنی دەستووری هەمیشەیی پێسپێردراوە جەدەل‌و گفتۆگۆی چڕو پڕ سەبارەت بەناوەڕۆکی دەستور درێژەی هەیە، ئەویش بەمەبەستی داڕشتنی ڕەشنوسەکەی بەپشت بەستن بەیاسای کاتی بەڕێوەبردنی عێراق لەقۆناغی ڕاگواستنەوەدا، دواتر هەواڵەکردنی بۆ کۆمەڵەی نیشتمانی تاکو لەکاتی دیاریکراوی خۆیدا واتە لەبەرواری 15 ئابی 2005دا پەسەندی بکات، ئەویش بەدەوری خۆی پرۆژەکە بخاتە بەردەم خەڵکی عێراق تاکو لەریفراندۆمێکی شەعبیدا کەبەسەرپەرشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بەڕێوەدەچێت، بڕیاری لەسەر بدات.

لەبەر گرنگی‌و بایەخی هەمەلایەنەی دەستورو ئەو پرەنسیبە بنەڕەتیانەی لەخۆی دەگرێ کەتیایدا جۆری ڕژێمی سیاسی لەعێراق، شێوەو میکانیزمی کاری دەسەڵاتەکان‌و ئۆرگانە سەرەکیەکان‌و سیستمی ئیداری‌و مافو ئازادیە سەرەکیەکان‌و مۆدیلی ئابووری وڵات‌و چۆنێتی بەکارهێنانی سەروەت‌و سامانەکان‌و .....تاد پێناسەدەکات‌و دیاریان دەکات، یەکێتی کۆمۆنیستەکان لەسۆنگەی بەشداری لەو پرۆسە دەستوریەی ئێستاداو بەمەبەستی داڕشتنی ئەو پرەنسیبە دەستوریانەی وەڵامدەرەوەی چاوەڕوانیەکانی چینی کرێکارو خەڵکی بەشمەینەتی ئەم وڵاتەن‌و لەگەڵ قۆناغی ئەم دەورەیەدا گونجاو وتەبان، بەپێویستی دەزانێت ئەم پرەنسیب‌و بناغە سەرەکیانەی خوارەوە لەرەشنووسی دەستوری هەمیشەییدا تۆماربکرێت:

⋆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی مەدەنی‌و عیلمانی‌و فیدراڵی لەعێراق

⋆ جیاکردنەوەی دین لەدەوڵەت‌و لەپەروەردەو فێرکردن، وەقەدەغەکردنی دروستکردنی حکومەتی دینی لەهەر شکڵ‌و شێوەیەکدا بێت، دەوڵەت دینی نیەو قبوڵکردنی دین یان نەکردنی مەسەلەیەکە پەیوەندی بەتاکەکان‌و هاووڵاتیانەوە هەیەو دەوڵەت بۆی نیە باوەڕێکی ئاینی بەسەر باوەڕیکی ئاینی تردا یان بەسەر کەسانێکدا کەباوەڕیان پێ‌ی نیە بسەپێنێت.

⋆ مسۆگەرکردنی ماف‌و ئازادیە دینیەکان‌و پاراستنی مافی ئازادی بیروباوەڕی هەموو هاوڵاتیان بەبێ جیاوازی لەسەر بنەمای دین‌و باوەڕو مەزهەب‌و تائیفە، ڕەتکردنەوەو تەحریمی تائیفیەت بەهەموو شکڵ‌و شێوە فێزەوونەکانی.

⋆ بەرەسمی ناسینی پرەنسیبی مافی هاووڵاتی بوونی یەکسان‌و تەحریمی هەموو جۆرە هەڵاواردنێك لەسەر بنەمای رەگەزو باوەڕو مەزهەب‌و ئینتمای نەتەوەیی.

⋆ جیاکردنەوەی سێ دەسەڵاتە سەرەکیەکە لەیەکتری (واتە دەسەڵاتی یاسادانان‌و بەڕێوەبردن‌و دادوەری)، فراوانکردنەوەی دەسەڵاتی ئەنجومەنی نیشتمانی‌و بەمەبەستی چاودێری چالاك بەسەر دەسەڵاتی بەڕێوەبردنی دەوڵەتدا، واتە دامەزراندنی نیزامێکی پەرلەمانی کەخاوەنی دەسەڵاتی فراوان بێت بۆ پرسینەوەو موحاسەبەکردن‌و لیپێچینەوەی دەسەڵاتی بەڕێوەبردن‌و دام‌و دەزگاکانی وەکو سوپاو پۆلیس‌و باقی دام‌و دەزگاکانی تر.

⋆ پەسەندکردنی پرەنسیبی سەربەخۆیی دادگاکان‌و نەبوونی هیچ دەسەڵاتێك لەسەرووی دەسەڵاتی دادوەریەوە، دامەزراندنی "دادگای دەستوری باڵا" بۆ چاودێریکردنی تەبایی یاساکان لەگەڵ پرەنسیب‌و بڕگەکانی دەستووردا، هەڵبژاردنی هەموو ئەندامانی ئەو دادگایە، لە لیستی ئەو دادوەرانەی خۆیان بۆ ئەو پۆستە هەڵدەبژێرن، بەدەنگدانی نهێنی‌و ڕاستەوخۆ لەلایەن خەڵکی عێراقەوە.

⋆ بەرەسمی ناسینی مافی چینی کرێکاری عێراق‌و پاراستنی لەچوارچێوەی یاساکارێکی پێشکەوتوو هاوچەرخدا کەماف‌و داواکاریەکانی لەخۆ بگرێت، پابەندبوون بەهەموو ئەو ڕێکەوتننامانەی تایبەتن بەپاراستنی مافەکانی کرێکاران‌و مافەکانی ژنانی کرێکارو باقی یاساو ڕێکەوتننامە نێودەوڵەتیەکانی تر.

⋆ بەرەسمی ناسینی یەکسانی هەمەلایەنەی ژن‌و پیاو وتەحریمی هەڵاواردن لەسەر بنەمای رەگەز لەهەموو شکڵ‌و شێوەکانیدا، مسۆگەرکردنی ئازادی ژنان‌و پابەندبوون بەو ڕێکەوتننامە نێودەوڵەتیانەی کەتایبەتن بەپاراستنی مافەکانی ژنان‌و دژایەتی توندوتیژی لەسەریان‌و پاراستنی کەسایەتیان.

⋆ مسۆگەرکردنی هەموو ماف‌و ئازادیە سەرەکی‌و مەدەنیەکان لەعێراقدا وەك مافی مانگرتن‌و خۆپیشاندان‌و ڕێکخراووبون‌و ناڕەزایەتی دەربڕین‌و پاراستنی ئازادیە شەخصیەکان‌و قەدەغەی هێرشکردنە سەریان. مسۆگەرکردنی زەمانەتی کۆمەڵایەتی‌و مافی

خوێندن‌و بەهرەمەندبوون لەخزمەتگوزاریە پزیشکیەکان‌و پابەندبوون بەرێکەوتننامەی مافی مرۆڤو باقی ئەو رێکەوتننامانەی‌تر کەتایبەتن بەپاراستنی ماف‌و کەسایەتی‌و کەرامەتی ئینسانەکان.

* بەرەسمی ناسینی مافی دیاریکردنی چارەنوس بۆ گەلی کوردو زەمانەتکردنی لەدەستووردا، دانان بەفیدرالیەت بۆ رێکخستنی پەیوەندی کوردستان‌و حکومەتی ناوەندی لەم قۆناغەی ئێستادا، وەبەرەسمی ناسینی مافی خەڵکی کوردستان بۆ رێکخستنی ریفراندۆمێکی گشتی بۆ بڕیاردان لەسەر مانەوە لەچوارچێوەی عێراقدا یان جیابوونەوە لێی هەرکات کەزۆرینەی خەڵکی کوردستان ئەو داوایە بەرزبکەنەوە.

* بەرەسمی ناسینی مافە نەتەوەیی‌و کلتوریەکانی کەمایەتیە نەتەوەییەکانی تر لەعێراق‌و زەمانەتکردنی مافەکانیان، قەدەغەی هەرچەشنە هەڵاواردنێك لەدژیان.

* سەروەت‌و سامانە سروشتیەکانی عێراق بەتایبەتی نەوت موڵکی هەموو عێراقیەکانە، پێویستە داهاتەکانی بۆ خزمەتی خەڵکی عێراق‌و پەرەپێدانی ئابووری وولات تەرخانبکرێت‌و بەپێی میکانیزمی تایبەتی رێگابگیرێت لەبەهەدەرچوون‌و تاڵانکردنی.

* پەیڕەویکردن لەمۆدیلێکی ئابووری لەعێراقدا کەوەڵامدانەوەی پێداویستیە سەرەکیەکانی خەڵکی عێراق بێت‌و ئامانجی بەدیهێنانی دادپەروەری کۆمەڵایەتی‌و لەناوچوونی نایەکسانی‌و کەمکردنەوەی نێوانی داهاتی تاکەکان‌و بەرەبەرەکانێ لەگەڵ ئیحتکارو چەوسانەوە بێت.

* .......

ئەو بناغەو پرەنسیپبانەی سەرەوە لەم قۆناغەدا وەڵامدەرەوەی خواستەکانی خەڵکی عێراق‌و چاوەڕوانیەکانێتی بۆ دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی ئازادو عادیلانەو دیموکراتیك. بەڵام مەترسی سەرەکی ئەوەیە کەئەو لایەنانەی ئەرکی داڕشتنی رەشنوسی دەستوری هەمیشەییان پێسپێردراوە بریتین لەلایەنە دینیە ووشکەهەڵاتووەکان‌و هێزە قەومیەکان‌و بەپێی میکانیزمی بەدناوی تەوافق خەریکن لەنێوان خۆیاندا دەسەڵات دابەش دەکەن.

بەئاسانی دەکرێ دەرك بەوەبکەین کەهەڵوێستی هێزە دینیەکان چیەو بیروڕای ئەوان سەبارەت بەجۆری نیزامی سیاسی لەعێراق‌و ماف‌و ئازادیە سەرەکیەکانی خەڵکی عێراق بەچ شێوەیەکە. ئەم هێزو لایەنە دینیانە بەو لایەنانەیشەوە کەئیدعای نوێنەرایەتی سونە دەکەن، لەقۆناغی رابردوودا تەنانەت بەیاسای بەرێوەبردنی دەوڵەت لەقۆناغی گواستنەوەدا رازی نەبوون‌و ئێستاش لەڕوانگەیەکی زۆر لەوە دواکەوتوترو کۆنەپەرستترەوە دەیانەوێت ئیسلام بکەن بەسەرچاوەی سەرەکی وەتەنانەت تاکە سەرچاوەی یاسادانان بەجۆرێك کەهەموو یاساو بڕیارەکانی تر دەبێت لەگەڵ بنچینەکانی ئیسلامدا گونجاوو تەبابێت ئەمەش واتە، لانی کەم لەڕوانگەیەکی شکڵی‌و دەستووریەوە، دامەزراندنی حکومەتێکی دینی بەگۆشت‌و پێستی خۆیەوە.

لەبەرئەوە خواستی دامەزراندنی دەوڵەتێکی مەدەنی‌و عیلمانی لەدەستوری عێراقدا گرنگی‌و بایەخی زۆر زیاتری پەیداکردووە لەکاتێکدا کەدەبینین هەوڵ‌و تەقەلای هێزە دینیە کۆنەپەرستەکان بەگوڕتربووە بۆ زاڵکردنی مۆرکی ئیسلامی بەسەر یاسای بنەڕەتی عێراق‌و باقی یاساکانی ترداو بەرەسمی ناسینی دینی ئیسلام وەکو دینی رەسمی دەوڵەت بەبیانووی ناسنامەی ئیسلامی بوونی خەڵکی عێراقەوە.

ئەم هەوڵ‌و تەقەلایانە بەئاشکرا ناکۆکە لەگەڵ ئاوات‌و ئارەزووەکانی خەڵکی عێراق بۆ دامەزرندنی پایەکانی دەوڵەتی نوێ لەسەر بنەمایەکی هاوچەرخ‌و عیلمانی‌و ئازادو هەنگاوێکە بەرەو بیناکردنی ئەو دەوڵەتە لەسەر بنەمای ئیستبدادی دینی‌و عەقیدەتی ووشك هەڵاتوو.

بێگومان ئەو هێزانەی کەباوەڕیان بە هەموو یان بەهەندێك لەو  پرەنسیپبانەی سەرەوە هەیە ئەوە هێزە چەپ‌و کۆمۆنیستەکان‌و هێزە دیموکراتخوازو ئازادیخوازەکان‌و ئەوانن دەبێت بەجدی تێبکۆشن لەبەرەیەکی ئۆپۆزسیۆندا فشاربخەنە سەر ئەنجومەنی نیشتمانی عێراق‌و لایەنە دینی‌و قەومیەکان بۆ ئەوەی داڕشتنی دەستور وەڵامدەرەوەی چاوەڕوانیەکانی خەڵکی عێراق بێت بۆ دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی ئازادو عادیلانەو دەوڵەتێکی مەدەنی هاوچەرخ کەماف‌و ئازادیەکان بپارێزێت‌و هەموو چەشنە هەڵاواردنێك لەسەر بنەمای رەگەزو زمان‌و دین هەڵبوەشێنێتەوەو بەرنامەیەکی ئابووری دەوڵەمەند بۆ ئاوەدانکردنەوەی عێراق‌و بیناکردنەوەی ئابووریەکەی‌و کەڵکوەرگرتن لەسەروەت‌و سامانەکەی، لەوانەش نەوت، دابڕێژێت‌و رێگای دەستەبەسەراگرتنی لەهێزە داگیرکارەکان‌و بەهەدەرچونی لەلایەن دەوڵەتی عێراقەوە لەم قۆناغەی ئێستادا بگرێت.

لەلایەکی ترەوە هێزە دینیو قەومیەکان هەوڵدەدەن بەهەر شێوەیەك بۆیان دەکرێت، بەهاوکاری هێزە داگیرکارەکانی ئەمریکا، تاکو دەستور بکەن بەئامرازێك بۆ بەرەسمی ناسینی بەشخوازی قەومیو تائیفیو دوورخستنەوەی خەڵکی عێراق لەپرۆسەی داڕشتنەکەیو دەربڕینی هیواو چاوەڕوانیەکانی هەر لەکۆتایی هێنان بەداگیرکاری ئەمریکاوە بگرە تا دەگات بەدامەزراندنی کۆمەڵگایەکی عادیلانەو دیموکراتی. ئەو میکانیزمانەی لەم قۆناغەدا پەیڕەو دەکرێت هیچ نیە جگە لەهەولێکی بەئەنقەست بۆ سڕینەوەی ڕۆڵی خەڵکی عێراق وەیان تەنگەبەرکردنەوەی لەچوارچێوەی وەڵامی "بەڵێ" و "نەخێر" دا بۆ ڕەشنوسی ئەو پڕۆژە دەستوریەی کەئەو گرووپانەی سەرەوە بۆیان گەڵاڵەکردووە.

ئێمە خوازیارین میکانیزمێك پەیڕەو بکرێت کەرۆڵی خەڵکی عێراق لەم پرۆسە دەستوریەدا لەبەرچاو بگرێتو کلۆمی دەرگا داخراوەکانی ووتویژ لەم بارەیەوە بکاتەوە بەڕوونیو بێپەردە خاڵە سەرەکیەکان بخرێتە بەر باسو لێکۆڵینەوە، هەروەها داوادەکەین کەکۆڕو کۆبوونەوەی فراوانو کۆنگرەی شەعبی دەستوری تایبەت بەچاودێری دەوڵەتو نەتەوەیەکگرتووەکانو بەبەشداری نوێنەرانی سەندیکاو رێکخراوە جەماوەریو پیشەییەکانو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی ببەسترێت بەمەبەستی گفتوگۆ لەسەر مەسەلەو پرەنسیبە دەستوریە سەرەکیەکانو بەرزکردنەوەی یادداشتنامەو راسپاردەی تایبەتی لەم بارەیەوە. هەموو ئەم ئامادەکاریانە سەرەنجام بەو ریفراندۆمە شەعبیە تەواوبکرێت کەبڕیارە بۆ پەسەندکردنی ڕەشنوسی دەستوری هەمیشەیی پێشنیارکراو ئەنجامبدرێت..

لەکۆتاییشدا یەکێتی کۆمۆنیستەکان لەعێراق ئامادەیی خۆی دەردەبڕێت بۆ کاری هاوبەش لەگەڵ لایەنە سیاسیو کۆمۆنیستیو دیموکراتخوازو پێشکەوتنخوازەکانو باقی ڕێکخراوە پیشەییو جەماوەریەکانو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی سەبارەت بەدەستورو بانگهێشتی پێکهێنانی بەرەیەکی فراوانی پێشکەوتنخوازانە دەکات کەئامانجی داڕشتنی دەستورێك بێت کەوەڵامدەرەوەی چاوەڕوانیە ئازادیخوازەکانی خەڵکی عێراق بێت.

**یەکێتی کۆمۆنیستەکان لەعێراق**

**سەرەتای تەمووزی** 2005